# پێشبینییەکانی جیه











فایلی ITی ئەمجارەمان یەکەمین فایلی تایبەت بە تەکنەلۆژیا سەردەمە لە گۆڤاری گولان لە ساڵی 2012دا. لە ژمارەکانی بەرێدا ئاماژەمان بە دەستکەوتەکانی سەردەم بەتایبەتی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی لە ساڵی 2011دا کرد و ئاماژەمان بە چەندین ئامێری گرنگ کرد کە لە ساڵی 2011دا بەرهەم هاتبوون.

بێگومان ساڵی 2012یش بۆ جیهانی تەکنەلۆژیا ساڵێکی گرنگ و پڕ بەرهەم دەبێت و هەواڵە گرنگەکانی تایبەت بەم بوارە هەر لە ئێستاوە ئاماژە بە چەندین دەستکەوتی گرنگ دەکەین، ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین پێشبینی کردنن سەبارەت بە چەند ئامێر و بەرهەمی گرنگی دنیای IT لە ساڵی 2012دا. هەرچەندە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئامێری گرنگتر لەمانە لە گۆڕێدا نین، بەڵام چونکە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی جیهانی دیجیتال کارە گرنگەکانیان وەک نهێنی رادەگرن بۆیە نازانین چ شتێکی گرنگی تر هەیە.

### نیتندۆ Wii U:

جارێکی دیکەش کۆمپانیای نیتندۆ هەوڵ دەدات گۆڕانکارییەکی جیدی لە جیهانی گەمەی ئەلکترۆنیدا پێکبێنێ، ئامێری گەمەی ئەلکترۆنی نیتندۆ کە بڕیار وایە لە ساڵی 2012دا بڵاو ببێتەوە، هەستەوەرێکی کۆنترۆڵی نوێی لەسەر شاشە لەمسییەکەی داندراوە، بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەر بتوانێ لەسەر ئەو شاشە لەمسییە ئەوکاتەی کە تەلەڤزیۆنەکە دەکوژێتەوە درێژە بە گەمەکەی بدات.

### Ultrabook بایەخی زیاتریان پێدەدرێت:

هێشتا نوتی بووکەکان بەتەواوی لە جیهانی دیجیتالدا خۆیان نەدۆزیوەتەوە کە ئولترابووک (Ultrabook) شوێنی گرتەوە. ئولترابووک نوتی بووکی نوێن، کە لەساڵی 2011دا چەند نموونەیەکمان دیت، ئەو نوتیببووکانە کێشیان کەمترە و وزەی کەمتریان دەوێت.

### Kindle fair 2:

کۆمپانیای ئامازۆن لە ساڵی 2011دا گۆڕانکارییەکی نوێ لە جیهانی کتێبخوێندنەوەی دیجیتالیدا پێکهێنا، بە بەرهەمهێنانی Kindle fair کە ئامێرێکی خەزن کردنی کتێبە دیجیتالییەکانە، ئۆگرانی خوێندنەوە هەستیان کرد شۆڕشێك لە جیهانی دیجیتالیدا تایبەت بە خوێندنەوە روویدا، چونکە ئامێرەکە جگە لەوەی خزمەتگوزارییەکانی گرنگن، هەرزان بایی و کێششی کەمە. رەنگە کیندل فایەری 2 کە بڕیار وایە لە ساڵی 2012دا بەرهەم بێت، خزمەتگوزارییەکانی زیاتریش بن، ئەوەندەی لە بواری ئەو ئامێرەوە زانراوە ئەوەیەکە شاشەکەی 10 ئینجییە و هەرزانتریشە لە ئامێری ئایپادی کۆمپانیای ئەپڵ.

### Iphone5:

ئامێری مۆبایلی ئایفۆن گۆڕانکارییەکی نوێی لە جیهانی مۆبایلدا پێکهێنا، هەتا ئێستا خۆی

# ــــانی IT بۆ ساڵی 2012













لــە لوتکەدا دەبینێتــــەوە، چاودیرانی تەکنەلۆژیـــای نوێی ســـەردەم پێیان وابـــوو لە ســـاڵی 2011دا ڤێرژنی 5ی ئەم مۆبایلە دێتە بەرهەم، بەڵام کۆمپانیای ئەپل دوور لە چاوەڕوانی ســـەرلەنوێ ڤێرژنی iPhone4ی هێنایەوە بەرهەم بەڵام تەنیا پیتی (S)ی لـــە کۆتاییەکەی زیاد کردبوو واتە (iphone4s). کە خزمەتگوزاری (siri) واتـــە فەرمانکردن بە دەنگی لێ زیاد کرابوو.

## ئەپل و iTV:

کۆمپانیای ئەپل کە ئێســـتا خۆی لە لوتکەدا دەبینێتــــەوە، نیازی هەیە لـــە ســـاڵی 2012دا خـــۆی لە جیهانی تەلەڤزیۆنیشدا تاقی بکاتەوە. هەرچەندە پێشـــتر سەبارەت بە iTV هەندێـــك زانیارییمـــان بڵاوکـــردەوە. ئەم تەلەڤزیۆنەی ئەپـــل، تیڤییەکی هۆشـــمەندە کە بەتـــەواوی لەگەڵ ئەنتەرنێت دەگونجێت.

## Play station vita (پلـەی ستەیشن ڤیتا):

کۆمپانیای ســـۆنیش بڕیاری داوە لە ساڵی 2012دا ئامێرێکی نوێی گەمە کردن کـــە خاوەنی کۆنترۆڵی ئەنالۆگ، پادی لەمســـی، شاشەی لەمســـی و گرافیکییەکـــی بەهێزە شوێنی پلەی ستەیشن 3 بگرێتەوە.

## ویندۆز8:

لە ریـــزی ئامێـــرە دیجیتالییەکان پێشـــبینی دەکرێت ســـاڵی 2012 بڵاو بکرێنەوە، نوێترین سیســـتەمی ویندۆزی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت واتە ویندۆز8یش دەبیندرێ، هەرچەندە سەبارەت بەم ویندۆزە لەمێژە هەواڵی بڵاوکردنەوەی لە ســـاڵی 2012دا بڵاوکراوەتـــەوەو تەنانـــەت ڤێرژنێکی تاقیکاریـــش کەوتۆتە بـــازاڕ، ئێمە تایبـــەت بە توانـــاکان و خزمەتگوزارییەکانـــی وینـــدۆز8 لـــە فایلی ئایتیدا چەندین زانیاری گرنگمان بڵاوکردۆتەوە. گرنگتریـــن تایبەتمەندی ئەم ویندۆزە ئەوەیە کە لەگەڵ گشـــت ئیکس باکـــس و تەبلێت و کۆمپیوتـــەری لاپتـــۆپ و کۆمپیۆتەر سەر مێز دەگونجێت.

## گالاکسی S IIIی کۆمپانیای سامسۆنگ:

کۆمپانیای سامســـۆنگ لە ساڵی 2011ەوە بە بەرهەمهێنانی گالاکســـی چووە ریزی کۆمپانیا ســـەرکەوتووەکانی بەرهەمهێنانی تەبلێت، پێدەچێت کۆمپانیای ناوبراو لەساڵی 2012دا گالاکسی جۆری S III بەرهـــەم بێنێ. بەشـــێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم گالاکسییە ئەمانەن:

1- شاشـــەکەی 4.6 ئینجی تەواو لەمســـییە و هەروەها 3Dیشە.

2- خاوەنـــی دوو یەکـــەی لێکدەرەوەی ناوەندییە.

3- رامەکەی 2GB ە.

4- هـــاردی ناو گالاکســـییەکە 16ە.

5-کامێراکەی 8 میگاپیکسـله خاوەنی دوو فلاشی جۆری LED یـــە، هەروەهـــا کامێرایەکـــی 2 میگاپیکسلیشـــی لە پێشەوە هەیە. هیچ زانیارییەکی تری ســـەبارەت بـــە تایبەتمەندیەیەکانی دیکەی گالاکسییەکە لەبەردەستدا نییە.

ئەوانە نموونەی چەند ئامێرێکی دیجیتالین کە بڕیار وایە لە ساڵی 2012دا بڵاو ببنەوە.





# کێبڵێکی جۆکەر بۆ گشت ئامێرەکان

بۆ پەیوەندی لەنێوان ئامێرەکاندا دەبێ لە چەندین کێبڵی تایبەت سوود وەربگرێ، چونکە ئامێرەکان جیان و شوێنی کێبڵەکانیش جیایە، کەوایە ناچارن چەندین کێبڵ بەکار بێنن، بۆ نموونە ئێوە کاتێك دەچنە شوێنێك ناچارن کۆمپیوتەر و ، ئایپاد و مۆبایل لەگەڵ خۆتان بەرن، ناچارن دەبێ کێبڵی هەمووی ئەو ئامێرانەتان پێبێت. بەڵام گەر کێبڵێك هەبێت کە گشت ئەو ئەرکانەتان پێکەوە بۆ چارەسەر بکات و بۆ هەموو ئامێرەکان بگونجێت ئەوە بە دەستکەوتێکی گرنگ دەزانن.

کێبڵی جۆری Innergie Magic بۆ ئەم مەبەستە دروستکراوە و کاری سێ کێبڵی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات. گەر چاوێك بە کێبڵەکەدا بخشێنن ئەوکات بۆتان دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی کێبڵەکە زۆر ئاسانە.

# چۆن بە پرۆگرامی VLC

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دروستکردنی ڤیدیۆ کلیپ و دەستکاری کردنی گرتە ڤیدیۆییەکان، یەکێك لەو پرۆگرامانە کە شێوازی بەکارهێنانەکەی ئاسان و سادەیە، پرۆگرامی VLCیە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە تەنیا بە هەنگاوێك دەتوانی ڤیدیۆ کلیپێکی جوان لە گرتە ڤیدیۆیەکان دروست بکەی.

هەنگاوی یەکەم: پاش دابەزاندنی پرۆگرامی VLC لە لیستی View فەرمانی Advanced Controls هەڵبژێرە.

هەنگاوی دووەم: ئەو گرتە ڤیدیۆیەی کە حەز دەکەی بەشێکی لێ جیا بکەیەوە، هەڵبژێرە و سلایدەر لەسەر بەشی کات دابنێ، لەسەر ئەو کاتەی کە خۆت حەزی لێدەکەی ڤیدیۆیەکە لەوێوە




# ئۆتۆمبێلی سوپێرپاس دە

ئۆتۆمبێلی Superbus زۆر شێوەی ئۆتۆمبێلی لامبۆرگینی دەکات هەتا ئوتوپاسێکی ئاسایی، ئۆتۆمبێلی سوپێرپاس توانای هەڵگرتنی 23 کەسی هەیە و بە خێرایی 250 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەڕوات، بەهۆی گرانبایی بوون و سیستەمی خزمەتگوزاری ناو سوپێرپاسەکە تەنیا دەسەڵاتدارانی وڵاتە دەوڵەمەندەکان دەتوانن سوودی لێوەربگرن، بەتایبەتی میرنشینەکانی عەرەب لە جیهاندا لەو سوپێرپاسە سوود وەردەگرن.

یەکەمین سوپێر پاس لە جیهاندا لەلایەن زانکۆی Delft هولەندا لەژێر چاودێری پرۆفیسۆر Wobbo ockels بیرۆکەکەی



## ڤیدیۆ کلیپ دروست بکەین؟

دەست پێبکات. فەرمانی Frame by Frame کە لە وێنەکەدا نیشاندراوە ئەو هەلەت بۆ دەڕەخسێنێ تا کاتی دروستی ئەو بەشەی کە نیازتە ڤیدیۆیەکە لەوێوە دەستپێبکا دیاری دەکات.

هەنگاوی سێیەم: ئێستاکە فەرمانی Record لە بەشی لای چەپی Advanced controls هەڵبژێرە، هەرکاتێك ریکۆرد دەستی پێکرد، فەرمانی Play هەڵبژێرە تا ڤیدیۆکە هاوکات لەگەڵ تۆمارکردنەکە بڵاوبێتەوە. کاتێك تەواو بوو سەرلەنوێ دوگمەی ریکۆرد دابگرە تا کۆتایی بە کرداری ریکۆردەکە بێت.









## جەفەنگەکانی گوگڵ!

کۆمپانیای گوگل لە سایتە گرنگەکەی خۆیدا تەنیا خزمەتگوزاری بەدوادا گەڕانی دانناوە، چەندین خزمەتگوزاری گرنگی تێدایە کە بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت کەمتر شارەزاییان بەسەردا هەیە، وەك بوونی رۆژمێری گوگل، حاسیبەی گوگڵ، کەشوهەوای گوگڵ..تاد. لێرەدا چەندین جەفەنگی گوگڵتان باس دەکەین کە گوگڵ لەگەڵ بەکارهێنەرانی دا دەیکات.

ئەگەر دەستەواژەی (let it snow) لە گوگڵدا بنووسن، بۆ ماوەیەك دەست رابگرن، ئیدی بەفر لەسەر شاشەکەتان دەبارێ، کاتێکیش کە شاشەکەتان پڕ لە بەفر بوو دەتوانن بە ماوسەکەتان نیگاربکێشنەوە. گەر دەستەواژەی do a ba-rel roll لە گوگڵدا بنووسن، ئەوکات دەبینن سایتەکە 360 پلە دەسووڕێت. هەروەها ئەگەر دەستەواژەکانی "tilt" یا "askew" بنووسن سایتەکە لار دەبێت. ئێوەی خوێنەریش تاقی بکەنەوە.

## ملیۆن دۆلار نرخەکەیتی

داهێندرا. سوپێرپاس ئۆتۆمبێلیکی تەواو شەحنە و هیچ پێویستی بە وزەی سووتەمەنی نییە. ئەم ئۆتۆمبێلەی کە لە وێنەکەدا دەبینن سێ ساڵ کاری لەسەرکراوە تا هاتۆتە بەرهەم.سوپێر پاس 15 مەتر درێژیەتی 2.5پانی و 1.65 بەرزیەتی. مادەی پێکهێنەری سوپێرپاس لە مادەی سووك وەك کەربۆن و ئەلۆمینیۆم پێکهاتووە. هەروەك ئاماژەی پێدرا لە وزەی کارەبایی سوود وەردەگرێت کە بەهۆی باترییەوە شەحن دەبێتەوە. باترییەکانیش بەهۆی تیشکی خۆرەوە شەحن دەبنەوە. میرێکی عەرەبی بە نرخی 10 ملیۆن دۆلار سوپێرپاسێکی کڕیوە و لە نێوان دوو شاری ئەبوزەبی و دوبەیدا هاتووچۆی پێدەکات.

